# جیۆپۆلەتیکی کوردستان

**نەورۆز فوئاد**

جیۆپۆلەتیکی کوردستان بەرهەمێکی دیکەی (فەرید ئەسەسەرد)ە، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانە، بە قەبارەی (96) لاپەڕەو لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی بەچاپ گەیەندراوەو زنجیرەی ژمارە (30) وەرگرتووە، ئەسەسەرد لە سەرەتای نووسینەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات، لەنێوان جیۆپۆلەتیک و ئەمنی قەومیدا پەیوەندییەکی پتەو هەیە بەجۆرێك کە هەندێك جار بەرادەیەك تێکەڵاوی یەکتری دەبن کە لێکجیاکردنەوەیان دژوار دەبێت جیاکرنەوەی ئەمنی قەومی لە جیۆپۆلەتیك مەسەلەی دارشتنێکی سیاسەتێکی بەرنامەدار دەشێوێنێ، وەك چۆن ئەمنی قەومی بە دەوڵەتەوە بەستراوەتەوەو لە خزمەتیدایە، جیۆپۆلەتیکیش هەم وەك تیۆری پەیوەندی بە دەوڵەتەوە هەم وەك زانست".

سەبارەت بە پێناسەی جیۆپۆلەتیك زانستێکە یان تیۆرێکە لە هەموو ڕوویەکەوە لە هێزی دەوڵەت دەکۆڵێتەوەو هەوڵ دەدات ئەمنە قەومیەکە بپارێزێت، بە واتایەکی تر جیۆپۆلەتیك لەڕووی پراگماتیکیەوە بریتییە لە هونەری کاری سیاسی دەوڵەت لە تێکۆشانیدا بۆ بەدەستهێنانی دەرەتانی ژیانی و لەڕووی سیاسییەوەلە دەوڵەت ، لەباری پاشەڕۆژی دەکۆڵێتەوە".

لە بەشێکی دیکەی ئەم زنجیرەیەدا ئاماژە بە شوێن و ڕووپێووی دانیشتوان کراوە، چونکە لە جیۆپۆلەتیکدا شوێنی جوگرافی گرنگییەکی زۆری هەیە، هێز و بێهێزی هەر دەوڵەتێك تا ڕادەیەکی زۆر بە شوێنە جوگرافیەکەیەوە بەستراوەتەوە، تەنانەت کاتێك زیادەڕۆیی لە نەخشی فاکتەری جوگرافی لە هێزی دەوڵەتدا دەکرێ، جیۆپۆلەتیك ئەم فاکتەرە وەك یەکێك لە گرنگترین فاکتەرەکانی هێزی دەوڵەت دەسەپێنێ، بەڵام لەبەرئەوەی بایەخی جیۆپۆلەتیکی هەر ناوچەیەك بەبێ دەستنیشانکردنی شوێنە جوگرافیەکەی دەرناکەوێت، بایەخدان بە دەستنیشانکردنی شوێنی جوگرافی بەپێی خەتەکانی پانی و درێژی گرنگی خۆی دەبێت".

لە بەشێکی تری ئەم نووسینەیدا ئەسەسەرد ئاماژە بە جیۆپۆلەتیکی کوردستان دەکات، نووسیویەتی "کوردستان وڵاتێکی کیشوەری داخراوەو ناتوانێتە سەر هیچ دەریایەك، ئەمەش یەکێکە لە لایەنە خراپەکانی شوێنەکەی ڕاستییە جوگرافیە دیموگرافییەکان لەگەڵ هەستی جۆش سەندووی نەتەوەییدا ڕێکناکەون، چونکە ئەو هەستە وای لە هەندێك کردووە، سنووری کوردستان لە باشوردا بگەیەننە سەر کەنداوی فارس و لە ڕۆژئاوادا بیبەنە سەر کەنداوی ئەسکەندەروون، هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی و پشتیوانی لە بردنی سنوور تا سەر دەریا ناکات".

دواجار نووسەر دێتە سەر فاکتەرەکانی هێز لە ناوچەکەدا، ئاماژە بەوە دەکات هەر دەوڵەتێك لە کوردستاندا دروست دەبێت، دەوڵەتێکی داخراوی کیشوەری دەبێت، پێویستە لەسەر ئەو دەوڵەتەش لەپێشدا ئەو گیروگرفتە ئاڵۆزانەی بدۆزێتەوە کە فاکتەری مێژوویی و جوگرافیاکان ئاڵۆزتری دەکەن، ئەگەر فاکتەرە جوگرافییەکان بە نموونە وەربگرین دەبینین کوردستان کەوتوەتە نێوان سێ گەلی بەهێز (عەرەب، فارس، تورك) و دوو گەلی بێ دەرەتان (ئەرمەن و ئازەر) و گروپێکی ئیتنیکی لە قاڵب نەمەیوو" لەبەرئەوە کوردستان لەبەرئەوەی وڵاتێکی کیشوەرییە، پێویستی زۆری بەو دراوسێیانە هەیە کە دەروانن سەر دەریا".

